# کارەساتی ئینسانی ئۆقیانوسی هیندی، ڕاگەیاندنی حوکمی مەرگی سەرمایەیە!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

**بومەلەرزەو شەپۆلەکانی "سونامی" لە ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵی ڕابوردوو لە 12/26دا، لە ئۆقیانوسی هیندیدا کە زیاتر لە 12 وولاتی گرتەوە، گەورەترین "کارەساتی سروشتی" مێژووی تازەی کۆمەڵگای بەشەرییە. بەپێی ئامارە ڕاگەیەنراوەکان تا ئێستا زیاتر لە 140 هەزار ئینسان گیانیان لەدەست داوەو دەیان هەزاری تریش چارەنوسیان دیارنیەو زیاتر لە پێنج ملیون ئینسانیش شوێنی ژیانی خۆیان و خانوەکانیان لەدەست داوە، ئەمە جگە لە مەترسی بلاوبونەوەی نەخۆشیو برسیەتیو.... کاول بونو داڕوخانی ژێر بینای ئابوری لەو ناوچانەدا. پەیامی نۆرماڵی هەر ئینسانێك بەجیا لە بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیەتێك کە هەیەتی، داگرتنی خەمو هاوبەشی خەمو نیگەرانی خێزانەکانی قوربانیانی ئەم کارەساتەیە، منیش وەك هەر ئینسانێکی تر هاوبەشی خەمی دەیان هەزار خێزانم کە کۆرپەو منداڵ، یان دایكو باوكو خوشكو براو خۆشەویستانی خۆیان لەدەستداوە، داوای سەبوریو ڕەوینەوەی خەمەکانیانمو بەهیوای ئەوەی هەرچی زوتر، ئەم برینە قوڵو ئەم کارەساتە گەورەیە پشت سەربنێنن.**

**بەلاّم ئەم بەشداریکردنە بەشداریکردنی ئینسانی هەر کەسێکەو لە لایەکی تریشەوە مەحکومکردنی سروشتو کارەساتەکانی سروشت، بە مەحکومکردنی سروشت دەستە بەرنابێت. مەحکومکردنی هۆکاری ئەم کارەساتە سروشتیە، پێویستە لە مەحکومکردنی سیستەمی مەوجودەوە دەست پێبکات، سیستەمی سەرمایەداری، کە تیایدا ئینسانو بونی فیزیکی ئینسانو تەندروستی ئینسان لە چاو قازانجپەرستیو تەماعکاریو چاوچنۆکی بێسنوری سەرمایەدا هیچ جێگاو ڕێگایەکی نیە.**

**سروشت وەکو کردارو کاردانەوەی دەرونی خۆی بەردەوامەو ڕۆژانە لێرەو لەوێ دیاردەی سروشتی جۆراوجۆر دەبینین. سروشت هەمیشەو بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگای بەشەری ماددیەکی خاوە بۆ کار لەسەر کردنو پێ بەپێی گەشەو پێش کەوتنی کۆمەڵگاو گەشەو پەرەسەندی بەرهەمهێنانو تەکنۆلۆجیاو زانست، ئینسان توانیویەتی دەسەلاتی خۆی زیاتر بکات بەسەر ڕوداوو کارەساتە سروشتیەکاندا، لە لافاوەوە بگرە تاکو بومەلەرزەو ڕەشەباو تەقینەوەی بورکانەکانو... ئەمڕۆ تەکنۆلۆجیاو مەیدانە جیاوازەکانی زانستە سروشتیەکان بە ئاستێکی سەسوڕهێنەر گەشەیان کردووە هیچ بیانویەك نیە بۆ ڕودانی کارەساتی ئاوەها گەورەو کۆمەڵکوژیەکی ئاوەها سامناك جگە لە زاڵبونی سیستەمی سەرمایەداری نەبێت. سەرنجدان لە گەشەی زانستو تیژی گەیشتنی هەواڵو خێرایی هۆیەکانی گواستنەوەو ناردنی کەشتیە ئاسمانەیەکانو پێشکەوتنی بێهاوتای زانستی فەلەكو جیۆلۆجیو پزیشکیو وە مەیدانی سیسمۆلۆجی(زانستی بومەلەرزە).. ڕۆشن دەبێتەوە کە پاراستنی ئینسان و ڕزگارکردنیان لەدەست ئەم کارەساتانە ئیمکانی هەیەو کارێکە مەیسەر دەبێت.**

**نەخۆشی ئایدز یەکێکە لەو نمونانەی کە چارەسەرکردنی یان لایەنی کەم ڕاگرتنی توانایی ڤایرۆسەکەی کارێکە کە هەر ئێستا لە بەردەستدایە بەلاّم پاش چی؟! قوربانیانی ئەم کارەساتە چەندن؟! چەند منداڵو کۆرپەو ساوا لە سایەی ئەم کارەساتەدا بێ دایكو باوك بون؟!. کارەساتی ئۆقیانوسی هیندی کە بەهۆی بومەلەرزەیەکی گەورە لەئاستی پلەی 9 ریختەریداو لە ئەنجامی ئەوەدا هەڵکردنی شەپۆلەکانی دەریاییەکان کە بە "سونامی" ناسراوەو خێراییان 800کیلۆمەترە لەسەعاتیکدا، ئەو کارەساتەی خوڵقاند کە ئێستا لەگەڵی بەرەو ڕوین لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە بینیمانو دەیبینین، کە قوربانیەکانی زۆر زیاترن لەو ئامارەی کە ڕاگەیەندراوە. ئەم کارەساتە ئەم وولاتانەی گرتەوە، ئەندنوسیا، سریلانکا، هیندستان، تایلەند، صومال، بورما، مالدیف، مالیزیا، تەنزانیا، سیشل، بەنگەلادیش، کینیاو بەلاّم قوربانیەکان دەتوانین بلێین هەموو جیهانی گرتەوەو قەتیس نەمایەوە بە ئاسیاو ئەفەریقاوە، بۆنمونە قوربانیانی خەڵکی سوید بە 3000کەس مەزندە دەکرێت، ئەمەریکا بە ونبوەکانەوە بە 5000کەس مەزندە دەکرێت، ئەلمانیا بە 1000کەسو... کە زۆربەیان تیۆریست بون یان لەوێ کاریان هەبوە.**

## *دەکرا ئەم کارەساتە گەورەیە ڕوینەدایە!

**بەلاّم سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کارەساتە سروشتیە، دەکرا کارەساتە ئینسانیەکە هەر ڕوینەدایە یان لایەنی کەم لە گەورەیی کارەساتەکە تاڕادەیەکی زۆر کەم بکرایەتەوە. سەرنج بدەن لەنێوی ئەوو وولاّتانەی کە ئەم کارەساتە گرتویەتییەوە، هەموویان لە ئاسیاو ئەفەریقان و هەموویان لەو وولاّتانەن کە پێیان دەلێن" جیهانی سێهەمو چوارهەم" بەمانایەکی تر وولاتانی "دواکەوتووی پیشەسازی" ئەم وولاتانە لەباری**

تەقسیم کاری جیهانیەوە، زۆربەیان بەشیان بەرهەمهێنانی کەرەسەی خاوو مەوادە خاوەکانو خوراکیەکانە لە چاوە بگرە تاکو نەوتو برنج یان لەوپەری خۆیدا جێگەیەکیان هەیە لە پیشەشازی پارچەسازیدا ( دروستکردنی بەشێك لەبەشەکانی کالاَیەك) یان پیشەسازی دەرهێناندا" استخراج"یان لە وەبەرهێنانی توریزمدا... بەم پێیە سەرمایە جیهانیو تەکنۆلۆجیای تازە ئەوەندە ڕودەکاتە ئەم ناوچانە کە خۆی پێویستی پێیهەیە لە ئاستی جیهانیداو بازاڕی جیهانی پێویستی پێیەتی، دیارە بە چەوسانەوەی هێزی کارێکی هێجگار هەرزان.

پشتێنەکانی بومەلەرزە لە کەوکەبی زەویدا ناسراونو بە پێی مەسحی جیۆلۆجی دیاریکراونو بۆ پێش گرتن بە کارەساتی ئینسانی ئەم ڕوداوانە تەکنۆلۆجیای " ئینزاری پێشوەخت" هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەمرۆ تەکنۆلۆجیای خانوبەرە بۆ بەرگرتن بە ڕوخانی خانوەکانو کارەساتی ئینسانی هێجگار پێشکەوتون هەروەك لە یابان دەیبینین. ئەم کارە وە دانانی سیستەمیکی" ئینزاری پێش وەخت "لەم ناوچانەدا پارەو پولێکی زۆری ناوێت، تەنانەت 10٪ ی ئەو پولەی تێناچێت کە ئەمەریکا سەرفی کرد بۆ روخانی نیزامی" سوکارنۆ"و هێنانی "سۆهارتوی" دیکتاتۆری ئەندنوسیا لەساڵی 1968دا، وە بە پێی ڕا پۆرتێك کەئەمرۆ 2005/1/4 رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بلاویکردۆتەوەو دەنوسێت" کۆمەکەکانی کە ئەمەریکا بەلێنی داوە بۆ قوربانیەکانی سونامی یەکسانە بە مەسرەفی یەك رۆژو نیوی جەنگی لە عێراقدا". بەلاَم بارۆمەتری سەرمایەو چاوچنۆکی سەرمایەدارو کێبەرکێی نێوان وولاتانیزلهێز لە سەر ناوچەکانی نفوز لە پێناو دەست بەسەراگرتنی بازاڕی جیهانیدا، هەموو گەندەڵیو دزێوییو دیاردەی نا ئینسانی قێزەونو جەنگو شەڕو کوشتاری هەڵگرتوە، بەلاَم کاری ئینسانیو باشترکردنی ژیانی ئینسانو پاراستنی لە کارەساتە سروشتیەکانو تەنانەت وجودی فیزیکی ئینسان، ئەگەر بەدەردی قازاتجی سەرمایە نەخوات، ناخوێنێتەوەو بۆی گرینگ نیە. ئینسان وەکو بونەوەرێکی کۆمەلایەتی خاوەن هەستو سۆزو خواستو ویستی ئینسانی، هەرگیز بۆ ئەم سیستەمە گەندەڵە مەترح نەبوە وە نابێت. ئینسان لەم سیستەمەدا گیان لەبەرێکی فەردیەو تاکێکە وە تاکێکە بەتەنها، وە دەیەوێت بەتەنها ڕوبەڕوی بێتەوەو تەواوی سیستەمو دەستورو یاساکانی ئەم سیستەمە لە پێشکەوتوترین وولاتاندا لە مە تێنا پەرێت، ئەوپەڕەکەی تاکێکەو دەنگێکە لە هەڵبژارندا لەباری سیاسیەوە، تاکێکەو فرسەتی هەیە کە ڕوبەروی سەرمایەداریك ببێتەوەو عەقدێکی کاری لەگەڵدا ئیمزا بکات بە مەرجی خاوەن کارەکەوە.

بۆیە سەرمایەداری، لە مێژوی هاوچەرخی ئێمەدا ئیتر هەر بۆگەناوە، هەر شەڕو کوشتارە، هەر خواردنو زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیەکانی ئینسانە، گرینگ نیە بۆی کە برێك پول بۆ مەیدانێك سەرف بکات کە ڕاستەوخۆ قازانجی لێناکات، هەر بۆیە ئیتر بیر لەوە ناکرێتەوە، کە سیستەمێکی ئینزای پێش وەخت دابنرێت بۆ ئەم شوێنە، ئیستا دوای ئەم کارەساتە ئینسانیە جەرگ بڕە باس لەوە دەکەن کە ئەم نیزامەی بۆ دابنێن، دەبێ بلێین پاش چی؟! ئایا واقعەن هەر ئەوەی ئێستا باس لەوە دەکرێت کە ئەم نیزامی" ئینزاری پێش وەخت"ە دابنێن، کافی نیە، بۆئەوەی سەرمایەو سەرمایەدرای بخرێتە قەبرەوەو تەفرو تونا بکرێت، ئایا واقعەن هەر ئەو ڕاگەیاندنە کافی نیە، بۆئەوەی حوکمی مەرگی ئەم سیستەمە نائینسانیو چینایەتی بڕیاربدات؟!. بونی نیزامی" ئینزاری پێش وەخت" دیارە پێش بە روادنی بومەلەرزەو شەپۆلەکانی "سونامی" ناگرێت، بەلاَم پێش بەوە دەگرێت کە کارەساتە ئینسانیەکە ڕوبدات، پێش بەوە دەگرێت کە قوربانی ئینسانی لێ بکەوێتەوە، یان قوربانیەکان هیجگار هێجگار کەم دەکاتەوە.

با لەو نیزامەش بگەڕێین، بێینە سەر ڕودانی کارەساتەکە. ڕودانی بومەلەرزەکەو هەڵکردنی شەپۆلەکانی "سونامی" کە ئەمەیان وەك ئەنجامی بومەلەرزەکە رویداوە زیاتر 3 سەعاتی فەرق بوە بۆنمونە لە تایلاندو لە سریلانکا، و لە ئەندنوسیا زیاتر لە سەعاتێکی فەرق بوە، چونکە بومەلەرزەکە لە قولاییەکەی قۆڵی ژێر زەویدا و لە ژێر بنی ئۆقیانوسی هیندیدا ڕویداوە، وە پێش وەخت و پێش چەند سەعات زانراوە کە بومەلەرزە بە پیوانەی 9 پلەی ریختەر ڕویداوە، ولەباری زانستیشەوە، شەپۆلەکانی"سونامی" بەر ئەنجامی سێ جۆر لە دیاردەی سروشتی ڕودەدەن، یان بەهۆی بۆمەلەرزەوە وەکو ئەوەی ڕویدا، یان بەهۆی تەقینەوەی بۆرکانی ژێر دەریاو ئۆقیانوسەکانی ئەو ناوچانەوە، یان بەهۆی کەوتنە خوارەوەی نیازکێکی گەورەوە ، کە بۆ هەرسێ بارەکەی تەکنۆلوجیا ئەوەندە پێش کەوتوە کە پێش وەخت بتوانین ئاگادرای ڕوداوەکە ببین، واتە پێش روادنی روداوەکە بەماوەیەك، وە تەنانەت سەنتەری مەسحی بومەلەرەزەی ئەمەریکی پێش چەند سەعات بەمەی زانیوە. بەلاَم بۆ بومەلەرزەکەو ڕودانی هیچ جۆرە پێش بینیەك نەکراوە؟! بۆ؟! بەلام کە ڕویداوە ئیتر زانراوە وە خەڵکی ناوچەکانی ئەوێ هەستیان پێکردوە، وە زۆربەی زۆری ئاژەلەکانی باخچەی ئاژەلی لە تایلاند خۆیان رزگار کردوەو ئاژەلەکان کەمترین قوربانیان داوە، پاش 3 سەعات لەو دوو ولاتەو یەك سەعات لە ئەندنوسیا، شەپۆلەکان هاتونو ئەو کارەساتەیان پێکهێنا. پرسیار ئەویە، ئایا لەماوەیئەو چەند سەعاتدا هیچ کارێك نەدەکرا؟! ئایا نەدەکرا، چەندین سرب لە فرۆکەی مەدەنیو بارهەڵگرو عەسکەری نەفەر هەڵگر بخرێنە گەڕ بۆ رزگار کردنی لایەنی کەم چەند دە هەزارێك، یان چەندین پاصو شەمەندەفەرو...

بخرينه گەر بۆ دورخستنەوەی خەڵكەكە لە كەنار دەرياكان‌و ناوچە مەترسيدارەكان؟ هەموو ئەوانە دەكران. يان تەنانەت نەدەكرا خەڵك ئاگادار بكرێتەوە، بۆ ئەوەی خۆيان حەرەكەتيان بكردايە كە ئەمەيان هيچی تێنەدەچوو، بۆ قازانج پەرستانی سەرمايە؟! دەكرا... هەموو ئەوانە دەكران‌و بەوپێيەش زەرەرو زيانی ئينسانی دەتوانرا كەمتر بكرێتەوە. وە لەوانە زياتر لە رۆژەكانی 24و 25ی مانگدا واتە دوو ڕۆژی يەك لەدوای يەكی پێش ڕودانی ئەم كارەساتە لە سەر يەك لە سۆمەترەو هاڵماهێرای ئەندنوسيا بومەلەرزەی بچوكتر بە پلەی 4.5و 4.7 يەك لەدوای يەك ڕويانداوە، ئايا لە باری زانستيەوە ئەوە ئينزارێكی پێش وەخت نىيەو نابێت كۆمەلێك هەنگاوی پێويست هەڵبگيرێت‌و ئامادەكاری پێويست بكرێت بۆ ڕودانێكی گەورەتر بەتايبەت ئەم ناوچانە چەندين جار دەرگيری ئەم جۆرە لە بومەلەرزەو شەپۆل هاتون، ئەگەرچی بە زەرەرێكی كەمتری ئينسانی‌و مالی‌يەوە بوبێت.

## *كێبەركێی نێوان وولاّتانی زلهێز لەسەر خواردنی ئەم بەروبومە !

ئەم كارەساتە ئينسانيە جەرگ بڕە، بەلاّم بۆ بانكی جيهانی‌و كۆمپانيا جيهانيەكان‌و بەم پێەش حكومەتانی وولاتانی زلهێزی سەرمايەداری، بۆتە جێگای كێبەركێيەكی ژێر بەژێرو توند. ژێر بە ژێر چونكە دەزانن ئەم كارەساتە ئەتمۆسفيرێكی لە سۆزو عاتيفەو نيگەرانی‌و خەم‌و پەژارە پێك هێناوە لەدەرونی كۆمەڵگای بەشەريدا، بۆيە دەيانەوی لە ژێر ناوی " فرياكەوتن‌و كۆمەكدا" ئەم كارەو ئەم كێبەركێ ناشەريفانەيە بەرنە پێشەوە. ئەوەتا ئەمەريكاو ياپان‌و ئوستراليا كە هەرسێكيان هاوپەيمانن لە جەنگ بۆ سەر عێراقيشدا، تەحالفێكيان پێكهێناوە بەناوی تەحالفی فرياكەوتنەوە، كۆلن باوەلی وەزيری دەرەوەی ئەمەريكا يان دەلالی كۆمپانيا گەورەكانی جيهان، داوا دەكات كە وولاتانی جيهان پێوەی پەيوەست بن، بۆئەوەی لەم ڕێگايەوە هەژمونی ئەمەريكا لە بواری بيناكردنەوەی ئەو ناوچانەدا مسۆگەر بكات. لە لايەكی تريشەوە يەكێتی ئەوروپا بە پەلە پروزە خواستی كۆبونەوەی وەزيرانی دەرەوەی ڕاگەياندوە بۆ ئەوەی فريای خواردنی ئەو بەروبومە بكەون، ئەمە بەجيا لە سەرمايەداران‌و كۆمپانياكانی ناوچەكە.

هەر ئێستا بانكی جيهانی لە خەمی ئەوەدايە كە چۆن زەرييە كەم بكرێتەوەو كاريگەری نەبێتە سەر بەرەوپێش چونی گەشەی ئابوری بەپێی بەرنامەی ريفۆرمی ئابوری‌و ئارايشت دانەوەی ئابوری ئەم وولاتانە، وە چۆن نەفەقاتی دەوڵەتەكان لە بواری خزمەتگوزاريدا پێويستە زياد بكات‌و لە هەمانكاتدا پێويستە ريژەی گەشەی ئابوری كەمترين كاريگەری بەر بكەوێت. بێگومان گەشەی ئابوری ناوێكی خۆش مەزاقە بۆ " زێدەبايی"و زەوتكردنی زۆرترين رادەی قازانج‌و چەوسانەوەی سەرمايەيە بۆ كاری كرێ گرتە. ئەمە واقعيەتی حالی ئێستايە، حەتمەن لە ئايندەيەكی نزيكدا ئێمە شاهيدی راستی حاشا هەڵنەگر دەبين، سەبارەت بەوەی كە دەكرا لە زەرەرو زيانی گيانی ئەم كارەساتە كەمتر بكرێتەوەو لە هەمانكاتدا بۆ هەموو كەس رۆشن دەبێتەوە كە مەسەلەی ئەم وولاتانە " فرياكەوتنی ئينسانی" نيە، بەڵكو ئەوە ناوێكە بۆ بەلارێدا بردنی خەڵك، وەهەنگاوێكە بۆ هەژمونی لە بواری بيناكردنەوەدا، بەتايبەت بۆ ئەمەريكا كە ئەم ناوچانە تاڕادەيەك بە ناوچەی نفوزی خۆی دەزانێ پێويستی بەوە هەيە كە سەرمايە برژێنێتە نێو ئەم مەيدانە، چونكە هەژمونی دواتر ڕاستەوخۆ پەيوەند دەبيت بەوەی كە كام وولاتە زۆرترين پولی رژاندۆتە نێو ئەم پرۆژەيەوە. ئەم كارەساتەش بۆ سيستەمی جيهانی هاوچەرخمان بۆتە جەنگی هەژمونی‌و ئەمجارەيان لە ژێر ناوی " فرياكەوتن"دا، نەك " دژی تيرۆريزم". ماوەتەوە دوبارە بلێم هيوای سەبوری بۆ هەموو خۆشەويستان‌و خێزانەكانی قوربانيەكان.